# هەستگۆڕكێ لە شيعرەكانی عەبدوڵا پەشێودا

**ID No. 2373**

(PP 156 - 168)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.2.11

**ڕزگار عومەر فەتاح**

فەكەڵتی پە روەردە - بە شی كوردی / زانكۆی كۆيە

rzgar.umer@koyauniversity.org

**وەگـــــرتن : 2018/07/02**

**پەسندكردن : 2019/01/27**

**بڵاوكردنەوە : 2019/04/20**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (هەستگۆڕكێ لە شیعرەكانی عەبدوڵا پەشێو)دا، هەوڵێكە بۆ زیاتر ناساندن و تیشك خستنەسەر چەمك و پێناسەی هەستگۆڕكێ و خستنەڕووی نرخ و بایەخ و ڕۆڵی ئەم بابەتە لە شیعردا. كە تا ئێستا بەپێی پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوەو لەم بارەیەوە هەست بەهەبوونی بۆشاییەكی زۆر گەورە دەكەم. هۆكارەكانی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە زۆرن، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی بۆ ڕۆڵی هەستگۆڕكێ لە داهێنانی شیعریدا لەلایەك و توانا و لێهاتوویی و ئەزموون و سەلیقەی شاعیر لە لایەكی دیكەوە دەگەڕێتەوە. توێژینەوەكە لە پێشەكی و دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە، بەشی یەكەم بەشێوەیەكی گشتی تیۆرییەو لە دوو تەوەرە پێكهاتووە، تەوەرەی یەكەم بریتییە لە چەمك و پێناسەی هەستگۆڕكێ. لێرەدا هەوڵمانداوە بەوردی تیشك بخەینەسەر ئەو بابەتەو ڕوونی بكەینەوە. تەوەرەی دووەم بۆ مێژوو و هۆكارەكانی بەكارهێنانی هەستگۆركی لەشیعردا تەرخانكراوە، بەڵام بەشی دووەم تایبەتە بە جۆرەكانی هەستگۆڕكێ و بەها و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەكانی عەبدوڵا پەشێودا. كە لە سێ تەوەر پێكهاتووە. لە تەوەرەی یەكەمدا هەستگۆركێی(بینین و بیستن )مان لە شیعرەكانی پەشێودا خستۆتە ڕوو. لەتەوەرەی دووەمدا، بایەخ و كاریگەری هەستگۆڕكێی (چەشتن و بۆنكردن)مان لەلای ئەم شاعیرە بەرزە پێشانداوە. لەتەوەرەی سێیەمیشدا ئاستی قووڵی و كاریگەری ئیستاتیكیەتی هەستگۆڕكێی (بەركەوتن)مان دەرخستووە. لە كۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەكە و لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكەمان بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

## پێشەكی

هـەستگۆڕكێ بنەمایەكی گرینگ و سە رنجراكێشی داڕشتنی هونەری شیعرییەو ڕۆڵ و كاریگەریەكی گەورەشی لەم بوارەدا هەیە، بەتایبەتی لەشیعرەكانی عەبدوڵا پەشێودا، بۆیە سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی هەردوو دیوانە شیعرەكانی عەبدوڵا پەشێو، بەناونیشانەكانی (پشت لەنەواو ڕوو لە كڕێوە، هەسپم هەورەو ڕكێفم چیا) چڕدەبێتەوە. لە هەمان كاتدا پانتاییەكی گەورە و فراوانی لە دەقی شیعریدا داگیركردووەو كاریگەرییەكی زۆریشی لەسەر خوێنەری شیعردا هەیە. ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵ و گرینگی و ڕەنگدانەوەی هەستگۆركێ لە شیعردا بەگشتی و بەتایبەتیش لەشیعرەكانی عەبدولا پە شیودا. هەروەها دەست نیشانكردنی ئەو تەكنیك و دیاردە هونەریانەی خەسڵەتی زەق و بەرچاوی سیمای داهێنان و تازەگەرین، لەژێرتیشكی ئەمانەو لە چوارچێوەی هونەرەكانی هەستگۆڕكیدا،هەوڵدراوە تواناو لێهاتویی زەوق و سەلیقەو ئەزموونی شاعیر دیاری بكرێ.لە هەمان كاتدا جەخت كردنە لەسەر باڵادەستی هونەری پەشێو لەم بارەیەوە.

لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دا بەپێی پێویستی كارەكەمان ، ڕێبازەكانی (وەسفی و شیكاری)مان بەكارهێناوە، بەمەبەستی بەدیهینانی ئەو ئامانجە ئەدەبییانەی كەدەبێتە هۆكاری سەرەكی خزمەت كردن و پێشخستنی ئەو بابەتە. گرینگی بابەتی توێژینەوەكە لەوەدایە، كارێكی باش و بەهادارە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی ئەكادیمی نرخی هونەری و ئیستاتیكیەتی هەستگۆركی لە شیعرەكانی ئەم شاعیرە بەرزو هەست ناسكەدا بخەینەڕوو .

**بەشی یەكەم : - چەمك و پێناسەو مێژوو هۆكارو مەبەستەكانی هەسنگۆڕكێ :**

**تەوەرەی یەكەم : - چەمك وپێناسەی هەستگۆڕكێ:**

هەستگۆكێ : بریتییە لە جێگۆڕكێ و ئاویتەكردنی ئەركی هەستەكان ، یان پێدان و گۆڕینی ئاگایەكانی هەستێكە بەهەستێكی دیكە. بێگومان هەستگۆڕكێ لە ئەدەبیاتی كۆن و تازەشدا بایەخێكی گەورە و بەرزو بەهێزی هە بووە و هەیە. وە بەیەكێك لە سەرچاوە گرینگەكانی وێنەی هونەری ئیستاتیكیەتی شیعری دادەنرێت. نموونەی هەستگۆڕكێ لە شیعری كۆن و نوێ و هاوچەرخیشدا دیاردەیەكی زەق و دیارە، بەتایبەتی لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا، لە نێو ئەوانیشدا لە شیعری شاعیرانی نوێخوازی وەك عەبدوڵا پەشێو و شێركۆ بێكەس و لەتیف هەڵمەت دا ڕەنگدانەوەیەكی گەورە و فراوانی هەیە. نموونەش بۆ هەستگۆڕكێ وەك لە شیعری شاعیراندا هاتووە. زاراوەكانی (دەنگێكی ڕوون ،گۆرانیەكی بۆندار، هەواڵێكی تاڵ و چرپەیەكی نەرم ) كە هە موو ئە مانە لە ئە نجامی جێگۆركێ و ئاویتە كردنی هەستەكانی بینین و بیستن و بۆنكردن و چەشتن و بەركەوتن هاتوونەتەكایەوە. " هونەری هەستگۆركێ پشت بە جۆرەكانی پەیوەندی نێوان هەستەكان دەبەستێ و لە ئە نجامی جێگۆركێی هەستەكان دێتەكایەوە. دیارە هە ر لە كۆنەوە هەستگۆركێ گەلێك ناوی تایبە تی و زاراوەی جیاوازی بۆ بەكارهێنراوە. وەك دەزانین لە ئەدە بیاتی كوردیدا زاراوەی هەستگۆركێ بەكارهاتووە و لە ئە دەبیاتی عەربیشدا زاراوەی ( تراسل الحواس) بە كاردێت . لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بە زاراوەی(حس امیزی ) ناودەبرێت، بەڵام لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایدا ( Synethesia - سینستزی) پێدەوترێت. ئەو وشەیە لە زمانی یۆنانیدا بەواتای پەیوەندی نێوان هەستە ئێكەڵاوەكان دێ"(پرستوكریمی،1387: 138).

بەپێی ئێڕوانینی نوسەران و ڕەخنەگران و بیرمەندانی ڕۆژئاوایی"هەستگۆڕكێ بریتییە لەبەكارهێنانی میتافۆری هەستەكان ، یاخود ئەو دەستەواژە و دەربڕینانەی پەیوەندییان بەهەستەكانەوە هەیە، لە لایەن نوسەرەوە" (O'Malley, G., 1957:391 )جگە لەمانەش " هەستگۆڕكێ هۆكارێكە بۆبەیەك بەستنەوەی هونەرەكان لە ڕێگای یەكەی دەروونی هەستەكانەوە ،كەئەمەش بۆگواستنەوەی خاسیەتەكانی هەستێك بۆهەستێكی دیكە دەگەڕێتەوە. وەك گۆرینی دەقێك بۆ تۆنێك یان تۆنێك بۆ ڕەنگێك یان بۆنێك یان تامێك. چونكە سروشتی هەریەكە لە هونەرەكانی وەك شیعر، وێنەكێشان، مۆسیقا،پەیكەرتاشی، هە ڵپەركێ هتد... ئەمانە هەموویان بە شێوازێك لە شێوازەكان جێگای بایەخی هەستەوەرە جیاوازەكانن ، كە لە ڕووی لێكچوون و كاریگەریەوە هاوبەشیان تێدا بە دی دە كرێت "(marks:1984: 427) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەرچەندە هەستگۆڕكێ لە شیعردا ئاست وپایەكانی بەرزو بەهێزن . بەڵام لە هەمان كاتدا لە هونەرە جۆراوجۆرەكانی دیكەی ئەدەبدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. ئە مەش بێگومان بۆ بایە خ و بەهای هەستگۆڕكێ لە بنیاتی هونەری ئیستاتیكی یەتی شیعر و ئە دەب و هونەر دەگەڕێتەوە. دەتوانین بڵێین هەستگۆڕكێ یەكێكە لەو ڕەگەزە گرینگ و سەرەكیانەی كە شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان بەمەبەستی داهێنان و گۆڕانكاری و جوداكاری لە بەرهەمەكانیاندا پشتی پێ دەبەستن و پەنای بۆ دەبەن بە تایبەتی لە ئەفراندنی وێنەی هونەریدا، كە ئەمەش بەزەوق و سەلیقەو تواناو لێهاتوویی و ئەزموونی شاعیرەوە بەستراوەتەوە. وەك ئاشكرایە " یەكێك لە هۆكارە بنەڕەتیەكانی هەستگۆڕكێ وەرگرتنی هەستێكی دیكەیە،كە جگە لەو وینە شیعرییانەی كە وابەستەیە بە هەستی بینینەوەو پانتایەكی فراوانی لەزمان و وێژەی هونەریدا هەیە،لە بواری شێواز و قەبارە و خاسیەتەكانی و تاریكی و روناكیدا ، بەڵام هەستەكانی دیكە وەك هەستی بۆنكردن، ئاخافتن و وێژەكانی سنوردارن. وەك بۆنی توند و گونجاو و خۆش و ناخۆش. یان دەستەواژە وێژەییەكانی هەستی بەركەوتنیش وەك نەرم و نیان و شل و ڕەق و لوس و زبر و ساردو گەرم، زۆر فراوان نین وەك سنوری هەستی بینین. هەروەها دەربارەی دەنگ و هەستی بیستن سیفەتەكانی تیژو وگڕ وزل و كەم و هێواش و ترسناك و كز. دەتوانین بڵێین چالاكترین هەستەكانی مرۆڤ هەستی بینینە كە ئە وپەڕی پشكی لە چلاكی ئاگایی هە ستیدا هەیە "(شفیعی كد كنی ، 1358: 274)

هەروەها " هە ندێك لە رەخنەگرانی وەك مارك ئیغلدینجری فەرنسی پێیان وایە كە هەستگۆڕكێ یان ئاوێتەكردنی هەستەكان ، لە دەنگەكان و ئاوزەكان و بۆن و ڕەنگەكان ،جگە لە لاسایی كردنەوەی سمبولیزمی رۆژئاوایی شتێكی دیكە نییە، هەرچەندە ئێمە ڕەگ و ریشەی ئەو دیاردەیەمان لە زۆر شیعری شاعیرانی كۆن و نوێش دۆزیتەوە" (د.درویش جند،2002: 438) تەنانەت هەستگۆڕكێ لە بەرهەمی زۆرێك لە شاعیران و نوسەراندا هەوێن و سەرچاوەیەكی سەرەكی گۆڕانكاری و داهێنان بووە. بۆیە شاعیر و نوسەری سەركەوتوو ئەوەیە كە لەبەكارهێنانی هەستەكاندا وەستایەكی لێهاتوو و شارەزا بێت و بزانێت بە چ جۆرو شێوازیكی جوان و بەهێزو كاریگەرو سەرنج ڕاكێش لە بنیاتی وێنەو داڕشتنی بەرهەمەكانی دا بەكاریان بهێنێت. لە ڕاستیدا " هەموو وێنەیەك دەتوانرێ تاڕادەیەكی باش بە وشە ئارایشت بكرێت، لێرەدا ئەوە ڕوون دەكەینەوە، كە وێنە زادەی وشە و واژەی زمانییە، بۆیە ئێمەش وای بۆدەچین، كە وێنە بریتیە لە دركاندنی وشەكان "وشەی هەستی بن یان واتایی ڕووت لە هەردوو دۆخەكەدا، چەند وێنەیەك

پێکدێت. لە ئەنجامی وشە و واژەکان، هەر هەموویان لە خزمەتی یەك وێنەی سەرەکیدا دەبن "(سەردارئەحمەد گەردی، 2003 : 7) بە م شێوەیە دەتوانین بڵێین: "وێنەی شیعری خەونە، بەڵام خەونێکی ئاسایی نیە، بەڵکو زیندەخەونێکە کە دیمەنێکی تەواو وێنە دەگرێ و تۆماری دەکا و هەڵیدەبژێرێ و پێکیدەهێنێ. بەم پێیەش وێنەی شیعری خەونێکی دەرەکیە و سوود لە دەرەوە وەردەگرێ بۆ دروستکردنی وێنە و دیمەنێك لە بەئاگاییدا " (هیتلەر ئەحمەد حەمەد ، 2001 : 6) هەر بۆ ئەم مەبەستە " شاعیر ئەوەی لە دەروونیدایە بە بیر و ئەندێشە و هونەری بەرز تێکەڵ بە وێنە و دیمەنەکانی دەرەوەی دەکات. هەموو ئەو شتانەی بەبیریدا دێت و بەرچاوی دەکەون، دەیگونجێنێ و وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش پێشکەش بەخوێنەر و گوێگرانی دەکات. کەرەسەی دەربڕینەکەی زمانە و لە ڕێگەی وشە و ڕستەوە دەریدەبڕێت. وێنەی شیعری لە ڕێگەی هەستەکانەوە بەدیدەهێنرێت ، هەر خوێنەرەش بەپێی چێژی خۆی، جۆری دەقەکان لە ڕووی مەبەستی شیعریەوە هەڵدەبژێرێت، ئەو دەقانەی پێخۆشە لەگەڵ هەست و سۆزی تێکەڵ دەبن و لەگەڵ بیر و بۆچونەکانی دەگونجێن و زیاتر بە دوای ئەو دەقانەدا وێڵە، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی ئەودا دەگونجێت " (سەعد فاروق شیخبزێنی ،2011 : 96 ) بە م شیوەیە دەبینین هەر لە کۆنەوە شاعیران و نوسەران و هونەر مەندان زیاتر لە گۆشە نیگایەکەوە لە هە ستگۆڕکێ یان ڕوانیوە و پێناسەو شرۆڤە ی جۆراو جۆریان بۆ هەستگۆڕکێ کردووە . کاریگە ری و گرینگی ئەو بابەتەیان لە داهێنانی کاری ئەدەبی و شیعریدا دەرخستووە، چونکە زانیویانە کە ئە رك و پە یام و بە هاو کاریگەری هەموو دەقێکی ئەدەبی بەبنەماو پێکهاتەی دەقە ئەدەبیەکەوە بەستراوەتەوە. کە بێگومان هەستگۆڕکێ ڕەگ و ڕیشەیەکی زۆر قوڵ و فراوانی لە بواری هونەری شیعریدا هەیە، تاڕادایەکی زۆریش ڕۆڵی لەبواری داهێنان و گۆڕانکاری و جوداکاری شیعریدا بینیووە.

**تەوەرەی دووەم : سەرهەڵدان و هۆکارو مەبەستەکانی هاتنەکایەوەی هەستگۆڕکێ**

**1-سەر هەڵدان و هاتنەکایەوەی هەستگۆڕکێ:**

هە ستگۆڕکێ یەکێکە لە هونەرەکانی ئیستاتیکیەتی ئەدەبی، کە شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە بایەخیان پێداوەو لایان لێکردۆتەوە ، لە دوو توێی بەرهەمەکانیاندا کە م تا زۆر بە کاریان هێناوە. بێگومان ئەمەش لە کەسێکەوە بۆکەسێکی دیکەو لە ڕێبازو سەردەمێکەوە بۆ ڕێبازو سەردەمیکی دیکە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە. بۆیە ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی ئەدەب بدەینەوە،دەبینین لە هەرقۆناغ و سە ردەمێك لە مێژووی مرۆڤایەتیدا،جۆرە ڕەگەزو ژانەرێکی ئەدەبی باو بووەو کاریگەری لە سەر بیرمەندان و شاعیران و ئەدیباندا دروستکردووە ." هەستگۆرکێ وەك بابەتێکی پڕبەهاو سەرنج ڕاکێشی ئەدەبی زیاتر بە زادەی ڕیبازی سومبولیزمیەکان دادەنرێت و لەبەرهەمی ئەوانەدا ڕەنگی داوەتەوە کە هەڵگری بیرو باوەڕی سیمبولیزمین . چونکە سومبولیزمیەکان لەبەکارهێنانی میتافۆرم و هونەرەکانی ئیستاتیکیەتدا دەستێکی باڵایان هەبووە. ئەوە جگە لەوەی لە بەکارهێنانی هەستەکان و هەستگۆڕکێدا خاوەن ئەزموونێکی قوڵ و فراوان بوونە، یەکەم نیشانەو ڕاگەیاندراوی ڕەمزییەکان کاری شێواندن و تێکدانی ئاگایی هەستە جیاوازەکان بوو. هە وڵیاندا تا بەشیعر بەبێ سنوری بگە ن " (خورشا، صادق ،1381 : 129 ) هەر بۆیە هەستگۆڕکێ پلەیەکی تایبەتی لە قوتابخانەی سومبولیزم دا هەیە ، چونکە کرۆکی شیعری ڕەمزی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناوەرۆك واتایەکی ڕاستە قینەیە بۆجیهان و خۆی لە داب و نەریتی کۆن و دیاردەو بیرو باوەڕە چە ق بەستووەکان دەشاریتەوە . بە ڵام شاعیر بە هۆی تێڕوانینە جیاوازیەکانی وخەون و ئەندێشە فراوانەکانیەوە شیکردنەوە بۆ ژیان دە کات و گوزارشت لە حە زو ئارەزووەکانی دەکات، بۆ بەرجە ستە کردنی جۆرێك لە هەستگۆڕکێ لە نێوان جیهانی مادی ومەعنەویدا، بێگومان هەستگۆڕکێ پانتایەکی گەورەو فراوانی لە شیعرەکانی بۆدلیر داگیرکردووە . دیارە " لە مێژویە کی زۆر کۆندا پیش ڕامبۆ ئەو جۆرە هەستگۆڕکێ یە لە لایە ن ڤیکتۆر هۆگۆوە لە ئەدەبیاتی ئەوروپاییدا بەکارهاتووە. دواتر بەشیوەیەکی فراوان لە شیعرەکانی ڕامبۆدا ڕەنگی داوەتەوە و هە ستگۆرکێ ی جۆراوجۆری لە سنوریکی فراوان بەکارهێناوە " (پرستوکریمی،1387 :138) لە ژیر کاریگەری ئەدەبیاتی سومبولیزمدا " نووسەری فەرەنسی ( بۆدلێر1821-1867) یەکەم کەسە کە بیرۆکەی هونەر بۆ هونەری خستە ڕوو. ناونیشانێکی واتاداری بۆ دیوانەکەی خۆی دانا ( گوڵەکانی شەڕ ). بۆدلێر وای دەبینێ کە بابەتی شیعری خودی شیعر خۆیەتی. ئەو شیعرە مەزنەی کەشایەنی ناوی شیعرە ئەوەیە کە لەنووسینیدا بەتەنیا بۆ چێژ وەرگرتن دەنوسرێت "(شوکری عەزیز ئەلمازی ، 2010 : 67). هەستگۆڕکێ لە ڕوانگەی ڕەخنەیی و ڕەوانبێژیدا بەسەدەی نوێوە بەستراوەتەوە، شایانی باسە "شاعیری فەرەنسی بۆدلێر یەکەم کەس بووە بەشێوەیەکی تیوری باسی هەستگۆڕکێی کردووە،لەشیعرەکانیدا بە کاری هیناوە. لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڵێ: جێگای سەر سوڕمانە کە دەنگ ناتوانێ بەڕەنگ خۆیی بنوێنێ ، وەڕەنگەکانیش ناتوانن بیرێك لە بارەی ئاوازەوە بەدەستەوە بدەن ، وە دەنگ و ڕەنگیش بەکارنایەن لە گوزارشتکردنی بیردا " (.فارس زهر ، 2005 : 194 ) هەروەها " هەستگۆرکێیەکی نهێنی لە نێوان جیهانی مادی

و مە عنەوییەکە هەیە . وە گونجاندن لە نێوانیانی ئەوانەی هستگۆرکێ ی بینراون یان نەبینراون دەکەوێتە ئەستۆی شاعیر کە بتوانێت بەهای هەستگۆرکییەکان بدۆزێتەوەو لە نێو دیاردەکانی جیهانی مادیدا بەدوای هە موو شتە ڕۆحییەکاندا . دەتوانین بڵێین گەشەکردن و پێشکەوتنی تیۆری هەستگۆرکێ لەسەر دەستی ڕەمزیەکان بوو، کە هەستان بە کرداری ئاوێتەکردن لەنێوان زیاتر لەدوو هەستدا لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیاندا. شایانی باسە هەستگۆڕکێ لە قوتابخانە ئەدەبیەکانی دیکەدا بۆ نموونە قوتابخانەی ڕۆمانسیزم بوونی هە بوو. پەرەسەندن و پێشکەوتنی لەسەردەستی ڕەمزیەکان هاتەکایەوە " (زينت عرفت پور،امينە سليمانى ،2014 :66) دیارە هەستگۆڕکێ زیاترو زۆرترو فراوانتر لەبابە ت و ژانەر و بوارو سەردەمێکی گرتۆتەوە، هەر بۆیە دەبینین " هونەرەکانی هەستگۆڕکێ جگە لە وەی ئاستێکی بەرزی لەبەرهەمەکانی مێژووی ئەدەبی و هونەری مرۆڤایە تیدا هەبووە، لە هەمان کاتدا بەهایەکی گرینگیشی لە کتێبە ئاسمانیەکاندا هەیە، چونکە هەستگۆڕکێ هونەرێکی جوان و بەرزو گونجاوە لە وەسفکردنی ئاگایی هە ستێك لە هەستەکان بەهۆی سیفەتەکانی ئاگایی هەستێکی دیکەوە. ئە مەش بوار بۆ هە ستگۆرکێ دێنێتەکایەوە، بۆ بەرهەمهێنانی دووهەست یان زیاتر،لە ڕێگای بە کارهێنانی تەنها هەستێکەوە , دیارە هەستگۆڕکێ لە قورئانی پیرۆزیشدا تاڕادەیەکی زۆر بەکارهاتووە، پێشینەیەکی لەم بارەیەوە هەیەو لە ناو کۆمەڵێك ئایاتی پیرۆزدا بەدی دەکرێت، پێش ئەوەی لەلای ڕەمزییەکان خوێندرابێتەوەو بینرابێت . هە روەك ئیمامی ڕازی لە شیکردنەوەی چەند ئایەتێکی پیرۆزدا ئاماژەی پێکردووە" (د. احمد فتحى رمضان , 2007: 2 ) ئەمە جگە لە وەی پایەو ئاستەکانی هەستگۆرکێ لە ئە دەبیاتی رۆژئاواییدا تابڵێی پتەو و بەهێزە، بە هە مان شێوە لە ئە دەبیاتی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامی و عەرەبیشدا سنورێکی زۆر فراوانی داگیر کردووە، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین کەم شاعیر هەیە کەم تا زۆر هونەرەکانی هەستگۆرکێ لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی نەدابێتەوە. نموونەش بۆ ئەمە، شاعیرانی وەك نازك مەلائیکە و سەیاب وئەبی قاسم شابی و ....هتد. هونەرەکانی هەستگۆڕکێ لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیشدا سیمایەکی زەق و دیارەو بە ڕادەیەکی زۆر لە لایەن شاعیرانەوە بەکارهاتووە، بەتایبەتی لەلای شاعیرانی نوێ و هاوچەرخداو لە دەقە شیعرییە کانی عەبدوڵا پەشێو و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هە ڵمەت و زۆر لە شاعیرانی دیکەدا لە ئاستێکی بەرز دایە، چونکە هەریەکە لەم شاعیرانە یاساوڕیسای شیعری کۆنیان تێکشکاندووەو نەیان ویستووە بەرهەمەکانیان لە ژێر سێبەری لاساییکردنەوەی شیعری کۆندا لە دایك بێت، بە ڵکو ویستوویانە بەهۆی هونەرەکانی هەستگۆرکێوە داهێنان و تازەگەری لەشیعرەکانیاندا بهێنەکایەوە.

**2 _ هۆکار و مەبەستەکانی هەستگۆرکێ :**

وەك دەزانین " تەمومژ سیمایەکی هاوبەشی شیعری کۆن و نوێیە، دیاردەیەکی ئاشکرای شیعری نوێیە، کە جوانکاری ئەم تەمومژی شیعریە پەیوەندی بە سروشتی نووسینی شیعریەوە هەیە; بۆیە هەندێ جار دەڵێین شیعر تەمومژە، جوانکاری وا دەکات تەمومژ ببێت بەڕەگەزی سەرەکی شیعر . واتە بوونی تەمومژ هاوشانی ڕەمز لەناو دەقی ئەدەبیداوادەکات، بەرهەمە ئەدەبیەکە یان دەقە ئەدەبیەکە ئەو بیر و خەیاڵ و فکرانەی، کە تێیدا بەکارهاتوون ون نەبن; بۆیە دەبێ شاعیر یان نووسەر لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ و سادە دووربکەوێتەوە و ڕووو بکاتە تەمومژ. "(د.کەمال مەعروف ، 2007 : 84) ئەوە جگە لەوەی شاعیران و نوسە رانی نوێ و هاوچەرخ هەمیشە و بە بەردەوامی لە خولیایی تازەگەری و گۆرانکاری و داهێنان دابوون . بۆیە بەدوای بابە تی تازەو بیری تازەو هونە ری تازەدا وێڵ بوون، ئەمە ش کاریگەریەکی ڕاستەو خۆو سەرەکی هەبوو لە سەر هزرو دەروون و خەیاڵ و ئەندێشەو تێڕوانینی شاعیران و زۆر بە قوڵی لە بە رهەمە کانیان دا رەنگی دەداوە. چونکە " هە ستگۆرکێ یەکێکە لەو هۆکارانەی کەشاعیران پشتی پێ دەبەستن لە بنیاتنانی وێنەی شیعریداو هەڵدەستێت بە وەسف کردنی ئاگایی هەستێك لە هەستەکان بەهۆی ئاگایی هەستێکی دیکەوە.وەك پێدان و بەخشینی ڕەنگەکەکان بەهستی بیستن و بەخشینی بۆنەکان بە هەستی بینین و هستی بینینیش هونەرەکانی ئەدەبی و شیعری.

5_هۆکاری فە رهەنگی و ڕۆشنبیری: شاعیر لە ئەنجامی کاریگەربوونی بە شاعیران و نووسەرانی فەرهەنگ و رۆشنبیری میللەتانی دیکە و بە مەبەستی گۆڕینەوەی ئەزموون و هێنانەکایەوەی بیری نوێ و پیشاندانی توانای ڕۆشنبیری خۆی لە بەردەم خوێنەر و پەیام وەرگرەکانیدا هەستگۆرکێ بەکاردەهێنێت. زۆرجار ئەمەش وا لە شاعیر دەکات داهێنان و تازەگەری لە وشە و دەستەواژەدا بکات و شتی نوێ بێنێتە ناو بەرهەمی ئەدەبی و دەوڵەمەندی بکات و ببێتەمایەی پەرە پێدانی بیری تازەگەری ، بە مەبەستی داهێنان و گۆرانکاری و جوداکاری و گەلێك هۆکاری دیکە.

**بەشی دووەم: جۆرەکانی هەستگۆرکی و بەهاو و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانی عەبدولآ پەشێودا: تەوەرەی یەکەم : ڕەنگدانەوەی هەستگۆڕکێی بینین و بیستن لە شیعرەکانی عەبدولا پەشێودا:**

1_ڕەنگدانەوەی هەستگۆرکێی بینین لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا :

عەبدوڵا پەشێو یەکێکە لەو شاعیرە نوێخواز و هاوچەرخانەی کە بایەخێکی زۆری بەهونەرەکانی ئەدەبی و ئیستاتیکیەتی ئەدەبی داوە ، لە ناو ئەمانەش دا هونەرەکانی هەستگۆڕکی گرینگیەکی تایبەتی هەیە، بە شێوەیەك هە موو جۆرەکانی هەستگۆرکێ لە پێکهاتەی هەر پێنج هەستەکانی بینین وبیستن و چەشتن و بۆنکردن و بەرکەوتن لە شیعرەکانی شاعیر ڕەنگیداوەتەوە و ڕەگ و ریشە یەکی قوڵی داکوتاوە. بە ڵام ئە وەی لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە شاعیر وەك کەسێکی لێهاتوو و شارەزاو خاوەن ئەزمووون و سەلیقەیەکی جوان، توانیویەتی بەشێوەیەکی زۆر هونەری و هارمۆنی لە سیاقی هەستگۆرکێ دا بەپێی پێویستی ئیستاتیکیەتی شیعرەکە هەستەکان ئاوێتە بکات و جوانترین و کاریگەرترین وێنەی هەستی بێنێتەکایەوە ، دیارە دەزانین " ڕەنگ لە ئەنجامی ئەوە دروست دەبێت کە کاتێك تیشکی بۆنداردەبن " (کاظم عبدالله, 2007: 167) بە م شێوەیە ئەمانە هە موویان بوونە هۆکارو هاندەرو پاڵنەرێکی بەهێزو کاریگەر بۆ سەرهەڵدان و گە شەکردنی هونەرەکانی هەستگۆرکێ . بۆیە دەتوانین بڵێین دیارترین هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهینانی هەستگۆرکێ ئەمانە ن :-

**1_هۆکار و مەبەستی ئیستاتیکی:** دیارە " ئاساییە کە شیعر بەرهەم و دەرئەنجامی هەبوونی شاعیرە،کە ئەو بەرهەم و دەرئەنجامانەش تەنها لە تاکە هەستێکەوە بەهرەمەند نەبووە.بەڵکو شاعیر بۆگوزارشت کردن و گەیاندنی پەیامەکەی بەخوێنەران، دەبێت لە ئاوێتەوکردن و هەمەڕنگ کردنی دەربرینەکانیدا هەموو هەستەکان بەکار بهێنیت، تا ئەفراندن بکات. هەستگۆرکێ تێکڵکردنی دوو یان چەند هەستێکی جۆراوجۆرە کە لە گەڵ هە بوونی ئاوازیکی کاریگەری بەجۆشی گیانیدا دەبێتە هۆی ڕازاندنەوە و ئیستاتیکیەتی شیعری. " (محمدحسن چگنیزاده، 1390 : 1 ) چونکە " مۆسیقای شیعری بەشێکی کاریگەرە لە بەشە کانی خە ڵقکردنی کەشێکی دەروونی کە وادەکات زەمینە ی وێنەی شیعری زیاتر فراوان بێت " ( عدنان قاسم حسین ، 2000 :27 ) وێرای ئەمانەش " بەکارهێنانی هە ستگۆرکێ لە داهێنانی شیعریدا یەکێکە لە خاسیەتەکانی سمبولیزم کە ئەمە بنەمایەکە بۆ ئاڵوگۆرکردنی پەیامی هە ستێ: لەگە ڵ هەستێکی دیکەدا**"** (خیریه عجرش ،قیس خزاعل ،1389: 127 ).

**2_هۆکاری دەروونی:** یەکێکە لەو هۆکارە گرینگ و کاریگەرانەی کە ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی هەیە، لەسەر هەڵدان و هاتنەکایەوەی هەموو بە رهەمێکی ئەدەبی و شیعریدا ، چونکە ڕەهەندی دەروونی تاڕادەیەکی زۆر ، بە شێوەیە کی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەو خۆ بڕیار لەسەر ئاست و شێوەو جۆری بەرهەمەکە دەدات و ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لە سەر ڕوخسارو ناوەرۆکی دە قەکە دەبێت.

**3_هۆکاری خودی و بابەتی :** کە ئە مانەش هە ردوکیان بەش بە حاڵی خۆیان هۆکاری بە هێزن لە سە رهەڵدان و هاتنەکایەوەی هونەرەکانی هەستگۆرکێ لە تێکستی ئەدەبیدا .

**4_هۆکاری لاسیکردنەوە:** وەك لاسایی کردنەوەی شاعیران و نوسەرانی پێشتر لە بەکارهینان و پەیڕەوکردنی ڕووناکی بەراستەڕێی خۆی دەروات, بەر ئەو تەنانە دەکەوێت کە دێتە پێشی، هەر تەنێکیش خاوەنی کۆمەڵێك تایبەت مەندی خۆیەتی. یەکێك لەو تایبەتمەندیانەش ڕادەی هەڵمژینی یان هەڵگەڕانەوەی ئەو شەپۆلە کەهرۆموگناتیسیانەیە, کە لەناو تیشکدا هەن وبەریان دەکەوت, بەپێی ئەو ڕاستیە ڕەنگ دەبێتە ئەو پێوەرە زانستیەی کە دەست نیشانی ڕێژەی هەڵمژین , یان هەڵگەڕانەوەی تیشکی کەهرۆموگناتیسی دەکات, دیارە لە هەردوو بارەکەشدا ئەگەر چاوی مرۆڤ ئەو تیشکە هەڵگەڕاوانەی وەرگرت و لێکیانی دایەوە, ئەوا ڕەنگ دەبێتە سیمای جیاکردنەوەی تەنەکان و لە ڕێگەی ئەو کردارەشەوە سەر ناس دەکرێن ودەبینرێن " (فرج عبو, 1982 : 29) "عەبدوڵا پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی کە مامەڵەیەکی بەرز لەگەڵ ڕەنگەکان دەکات و وێنەی نایابیان لێ دروست دەکات, بە شێوەیەك زۆر جار ببێتە مایەیی سەرسوورمان وچێژ بەخشینێکی لە ڕادەبەدەر" (عبدولڵا پەشێو ، 2009 : 119)جگە لەمانەش لە ناو هونەرەکانی هەستگۆرکێدا شاعیر زیاتر باسی هەستەکانی بینین وبیستنی کردووە، توانیویەتی بە هۆی بە کارهێنانی ئە مانەوە داهینان و گۆرانکاری لە وێنەی شیعریدا بکات، چونکە هەستە کانی بینین و بیستن بە تایبە تی هەستی بینین لە سەرووی هە موو هەستە کانی دیکەوەیە . هەستی بینین یە کێکە لەو هەستە گرینگ و سە رکی و کاریگەریانە ی کە مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن لە مەبەستەکانی و وەرگرتن و تۆمارکردنی دیمەنە هەمەڕەنگ و جۆراو جۆرەکان وزانیارە جیاوازەکاندا پشتی پێ دەبەستی و سودی لێ وەردەگرێ، بە تایبەتی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان لە هێنانەکایەوەی بەرهەمەکانیاندا زیاتر سود و بەهرە لە

سەرچاوەی هەستی بینینەوە وەردەگرن . هەر بۆیە ئەم هەستە لە سیاقی هەستگۆڕكێدا كاریگەریەكی زۆر بە هێز و ڕەنگدانەوەیەكی زۆرفراوانی لە شیعری شاعیراندا هەیە، بە تایبەتی لە شیعرەكانی عە بدوڵا پەشێودا . بۆیە شاعیر 26 جار ئەوجۆرە هەستگۆڕكێیەی لەنێو كۆی شیعرەكانیدا بەكارهێناوە. ئەم كۆپڵە شیعرەی شاعیریش بە ناونیشانی (بۆ شڤان ) جوانترین نمونەیە بۆ هەستگۆركێ ی( بینین لە گە ڵ بیستندا ) ، كە زۆر بە زەقی خۆی دەنوێنێ كە دەڵێ :

بێدەنگ مەبە،

كە دێمە سەر **لوتكەی دەنگت** ،

كە هەردوو پێم دەچـــەسپینم،

لەسەر زنارێكی ئەوێ ،

**نە ڕەشەبـــــا** دەمبزوێنـــێ ،

نە كرێوەو تۆفـــــــــی شەوێ ، (عەبدولا پەشێو ، 2006: 48)

لیرەدا شاعیر لە دێرە شیعری (كە دێمە سەر لوتكەی دەنگت ) بە شێوەیە كی زۆر شارەزاو وەستایانە و سەرنج ڕاكێش ، شوێن و ئەركی هەستەكانی بینین و بیستنی ( لوتكە و دەنگی ) گۆڕیوە بەهۆی ئاویتەكردن و جێ گۆركێ ی هەستەكانی بینین و بیستنەوە و لە چوارچێوەی هاستگۆڕكێدا ، توانیویەتی گوزارشت لە مەبە ستەكانی بكات و جوانترین وێنە بكێشێ و ئیستاتیكیەتی شیعری بێنێتەكایەوە .

هەروەها شاعیر لە بە كارهێنانی هەستگۆڕكێی هەستی بینین لە گەڵ هەستی چەشتنیشدا زۆر باڵادەست بووە و تاڕادەیەكی زۆر لە داڕشتنی وێنەی شیعریدا بەكاری هێناوە و گوزارشتی پێ لە بیروباوەڕەكانی خۆی كردوە. چێژو داهینانی بە شیعرەكانی بەخشیوە. ئەمەش لەشیعری هەولێر لە یەكی شوباتدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە كە دەڵێ :

كەی ئـــــەو هەموو برینانە ،

جگەرگۆشەی شیرینی من !

بۆ بەدەنی شارێك دەشێن؟ (عەبدولا پەشێو ، 2006 ، 374)

لێرەدا شاعیر بەو پەڕی جوانكاریەوە ئەرك و شوێنی هەریەكە لە هەستەكانی بینین و چەشتنی گۆڕیوە . (جگەر گۆشە ) كە دەكەوێتە بەر هەستی بینینەوە بە وشەی( شیرینی ) ئاویتە كراوە كە دەكەوێتە بەرهەستی چەشتنەوە. بەمەش وێنەیەكی هونەری كاریگەری هێناوەتەكایەوە .

وێڕای سەختی و نە گونجاوی و بەرتەسكی ئاوێتە كردنی هە ستەكانی بینین و بۆنكردن، بە ڵام هێشتا شاعیر لە پێناو ڕازاندنەوەی هونەری شیعری ، دەست بەرداری ئاویتە كردنی ئەو هەستانە نابیت و هەوڵدەدات لە سیاقی هەستگۆركێدا بە كاریان بهێنێت، بە ئامانجی بەرزكردنەوەی ئاست و بە های هونەری لە شیعرەكانیدا. ئە مەش زۆر بە ڕوونی لە م دێرە شیعرەدا دەردەكەوێت كە دەڵێ :

**تاوان دیارە وا بۆنی دێ ،**

وەكـو شەوی تاری بە غدا ، (عەبدولا پەشێو ، 2006 ، 460)

لێرەدا شاعیر زۆر زیرەكانە شوێن و ئەركی هەستەكانی گۆڕیوە . لە گە ڵ وشەی تاوان كەدەكەوێتە بە ر هەستی بینین،بەمەبەستی ئەدەبی و هونەری وشە ی بۆنی بەكارهێناوە ، كە دەكەوێتە بەرهەستی بۆنكردن، بەشێوەی لێكچواندن لە سیاقی هەستگۆركێدا وێنەیەكی هونەری پڕ لە ئیستاتیكیەتی دروستكردوە ،

لە پاڵ ئەمانەدا هەستی بەركەوتن یەكێكە لەو هەستانەی كە شاعیر لە گەل هەستی بینیندا، بۆ ڕازاندنەوەی داڕشتنی شیعری سودی لێ وەرگرتووە، چونكە دەتوانین بڵێین پەیوەندیەكی توندو تۆڵ لە نێوان هەستە كانی بینین و بەركەوتن هەیە، بەهۆی ئەوەی هەموو ئە و شتانە ی بەر دەست دەكەون بەئاسانی دەبینرێن و دەكەونە بەرهەستی بینینەوە . بۆی دەبینین شاعیر بەڕادەیەكی زۆر لە چەندین نموونەی شیعری جواندا بە كاری هێناوە و لایەنی هونەری شیعرەكانی گەیاندۆتە ئاستێكی باڵا. ئەمەش یەكێكە لەو نموونە شیعریانەی كە شاعیر لەهەستگۆركی بینین و بەركەوتندا دایڕشتووە كە دەڵی:

ئاخ دەترسم ئێوارەیـــــەك

بە زریانی **نیگای ساردت**

هەڵورینـــی گۆپكەو چرۆم

لەو بەهەشتەم وەدربنێی
کەدەزانـــم هی خۆم نییە
بەڵام کردومە بەهی خۆم !
(عەبدولا پەشێو ، 2006: 179)

لە م کۆپلە شیعرە دا شاعیر بە هۆی هونەرەکانی هەستگۆرکێوە وێنەیەکی شیعری زۆر جوان و نایاب و وروژێنەر و ناسك و کاریگەری بەرهەم هێناوە ،کە لێوان لێوە لە داهـێنانی جوانکاری شیعریدا . کاتێك زۆر وەستایانە وشەی (سارد) ی کە دەکەوێتە بەرهەستی بەرکەوتن لە گەل وشە( نیگا)دا بە کارهێناوەو شوین و ئەرکەکانیانی گۆریوەتەوە، بە مە ش توانیویەتی گرینگی و کاریگەری پێگە ی هەستگۆرکێ لە شیعردا پێشان بدات .

2-ڕەنگدانەوەی هەستگۆڕکێ ی بیستن لە گە ڵ هەستە کانی دیکەدا :

هەستی بیستن یەکێکە لەو هەستە سەرەکی و کاریگەریانەی کە تاڕادەیەکی زۆر ململانێ لەگەڵ هەستی بینین دا دەکات و زۆر جاریش لە هەندیك بارودۆخدا و لە لای هەندێك کەسدا جیگای هەستی بینینی گرتۆتەوەو لە بڕی ئەودا بەکارهاتووە، ئەوەتا لە لای مەلاحەمدوونی شاعیرو تەها حوسێن و سەدانی دیکەی وەك ئەوان کە نابینا بوونە، بەڵام بەشێوازیك شیعرو بەرهەمەکانیان دارڕشتووە و وەسفی ڕووداوەکانیان کردووە، کە هیچی کەمتر نییە لە وانەی بەکامێرای چاوەکانیان وێنەکانیان کێشاوە، بە ڵکو بەپێچەوانەوە و گۆرانکاری و داهینانیشیان کردووە. ئەوەش ئە وەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەستی بیستن هۆکارێکی بەرزو بە هێزو کاریگەرە بۆ گواستنەوە و وەرگرتنی هەستەکانی خۆشی و ناخۆشی و زانیاری و وێنەو ڕووداوەکان لەڕێگای دەنگ و ئاوازە جۆراوجۆرەکانەوە.

دیارە وەك دەزانین وێنەکانی هەستگۆڕکێ یان " هەستی بیستن ئەو وێنانەن کە لە ڕێی هەستی بیستنەوە دروست دەبێت ، واتە سەرجەم دەنگەکان دەگرێتەوە. وەك دەنگی مرۆڤ لەکاتی خۆشی و ناخۆشی ودەنگەکانی سروشت، ئەم جۆرە وێنەیە شاعیر دەتوانێ لە هەموو بارێکدا ، لە ڕوناکی و لە تاریکیدا پە نای بۆبەریت و بەکاریبهێنێت لە بنیاتنانی وێنە هونەریەکاندا، بەپێچەوانەوە هەستی بینین کە تە نها لە ڕوناکیدا یارمەتی دەرە " (ئاشنا جلال رەفیق ، 2011 : 46) بێگومان شاعیر بە هۆی هەستی بیستنەوە لە سیاقی هەستگۆرکێدا وێنە ی هونەری زۆر جوان وسەرنج ڕاکێشی دروست کردووە، کە زۆرر جار لە ئاستی ئەو وێنە هەستیانەی بەهۆی هەستی بینینەوە دایڕشتووە ، بەرزتر بێت نزمتر نییە. ئەمە ش نموونەیەکە لە هەستگۆرکێ بیستن لە شیعرەکانی شاعیردا کە لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی هستەکانی بیستن و بینینەوە هاتۆتە کایەوە کە دەڵێ:

بمبوورە هێشتا منداڵ بووم ،
کرچ و کـــــــــــاڵ بووم ،
بە **<u>لاوانەوەی ڕەنگاو ڕەنگ</u>**
دنیام بۆتۆ کردە ئـــــاهەنگ
(عەبدوڵا پەشێو ،1967 : 62)

شاعیر لەم کۆپڵە شیعرەدا هەستەکانی بیستن و بینین و دەنگ و ڕەنگی تێکەڵ کردوەو ئاوازێکی خۆش و بەجۆش بەرگوێ دەخات . کاتێك دێت وشە ی (لاوانەوە ) کە دەکەوێتە بەرهەستی بیستن لە گەڵ وشەی (ڕەنگاوڕەنگ ) کە هەستی بینینە ئاویتە دەکات و شوین و ئەرکیان دەگۆڕێتەوە . بەمەش هونەری هەستگۆرکێ و ئیستاتیکیەتی شیعرەکە بەرزو بە هێز دەکات .

بە م شێوەیە هەستی بیستن بە ڕیژەیەکی زۆر لە شیعرەکانی شاعیر بە کارهاتووە. لە کۆی شیعرەکانیدا 32 جار بەکاریهێناوە، کە زیاترە لە ڕێژەی ئەو هەستگۆڕکێ یانەی بەهۆی هەستی بینینەوە داڕێژراون . بۆیە دەبینین هەستی بیستنی لەگەڵ تەواوی هەستەکانی دیکەدا بەکارهێناوە. لە پێناوی بەرجە ستەکردنی ئیستاتیکیەتی شیعری و بە خشینی نەمری و زیندوویە تی بە شیعرەکانی وەکو بەکارهێنانی هەستی بیستن لە گەڵ هەستی چەشتندا لە سیاقی هە ستگۆڕکێدا وەك لە م نموونەیەدا زۆر بەزەقی خۆی دەنوێنێ:

هێشتا قاقـــای پێکەنینت
چرپە و **<u>سکاڵای شیرینت</u>**
لەبەر گوێم دەزرینگێنەوە،

هەروا دێـــن و نابڕێنەوە .

(عەبدوڵا پەشێو ،1967 : 17 )

شاعیر لێرەدا بە شێوەیەکی زۆر هونەریانە یاری و جێگۆڕکێ بە هەستەکان دەکات و جیگاو ئەرکی وشەکانی (سکاڵا )کە هەستی بیستنە (شیرین ) کەهەستی چێشتنە دەگۆڕیتەوەو وێنەیەکی جوانی هەستگۆرکێ ی شیعری پێکدەهێنێت .

جگە لەمانە عەبدوڵاپەشێو لە دروستکردنی هونەرەکانی هەستگۆرکیدا سودی لەهەستی بۆنکردنیش وەرگرتووە، توانیویەتی هەستەکانی بیستن و بۆنکردن بەیەکەوە بەکاربهێنیت و گوزارشتی پێ لە مەبەستەکانی بکات و پایەکانی هونەری شیعری پێ پتەو بە هێزبکات وەك لەم کۆپڵە شیعرە دا دەردەکەوێت کە دەڵیت :

چەند دەترسم ،

کەدێمـــــــــەوە،

**هەواڵێکی تاڵت پێ بێ،**

(عەبدولا پەشێو ، 2006 : 42)

پەشێو لەم کۆپلە شیعرەدا بە هۆی بە کارهینان و جیگۆڕکێ هەستەکانی بیستن و بۆنکردنەوە لە پاڵ مەبەست و هونەرەکانی شیعری، لە دەستە واژەی (هەواڵێکی تاڵ ) دا، وێنەیەکی ڕۆمانسیانەی زۆر جوانی شیعری خستۆتە ڕوو،کە چێژێکی زۆری بە دەقە شیعریەکە بەخشیوە.

هەستی بیستن لەگەڵ بەرکەوتنیشدا پە یوەندیەکی هارمۆنی و گونجاو و پتەوی هەیە هەربۆیە شاعیر هەوڵیداوە وەکو سەرچاوەیەکی گرینگی هونەرەکانی هەستگۆڕکێ لەشیعرەکانیدا سودیان لێ وەربگیرێت و بە کاریان بهێنێت ئەمەش بەزەقی لەم کۆپلە شیعرەدا ڕەنگیانداوەتەوە کەدەڵێ :

هەر بەدناوم،

**نەك بە گفتو گۆی نەرم وشەکراوم ،**

خوو ڕەوشت بەرزیت سوپەری شکا ،

ئەوئاوە پاکەی پێت دەگووت ئـــــابروو

بە جلی جــــــــوان و زیرو زیو تکا ،

(عەبدوڵا پەشێو ،1967 :35)

لێرەدا شاعیر هەستی بیستنی لە پاڵ دوو هەستی دیکە بەیەکەوە بە کار هێناوە ، چونکە (گفتوگۆ) دەکەوێتە بەر هەستی بیستن و وشەکانی نەرم و شەکراویش دەکەونە بەر هەستەکانی بەرکەوتن و چەشتنەوە . کەئەمەش جوانی چێژێکی زیاتری بە شیعرەکە بەخشیوە . بەم شێوەیە شاعیر چەندین نمونەی هە ستگۆرکێ ی جۆراو جۆرو جیاوازی لە م بارەیەوە خستۆتەڕوو کەهەر یەکێکیان خاوەنی کۆمەڵێك وێنەی هونەری بەرزو کاریگەرو جوانە کە دەڵێ:

هە موو جارێ کە پێك دەگەین ،

زمان لـــــە زاردا دەتاسێ .

لەگەڵ **دڵــەکوتە ی گەرم ،**

لە ڕومەتمان تك تك دەتکێ،

ئـــــارەقە بێگەردی شەرم .

(عەبدوڵا پەشێو ،1967 : 60 )

لە م کۆپڵەیەدا هەستەکانی بیستن و بەرکەوتنی لە وشەکانی (دڵە کوتەی گەرم )دا کۆکردۆتەوەو بەهۆی تێکەڵکردنی شوێن و ئەرکی هەستەکانەوە لە چوارچێوەی هەستگۆرکێدا تابلۆیەکی شیعری کاریگەر و ڕازاوەی دروست کردووە.

**تەوەرەی دووەم : ڕەنگدانەوەی هەستگۆڕکێ ی چەشتن و بۆنکردن لە شیعرەکانی عەبدوڵا پەشێودا :-**

1_ ڕەنگدانەوەی هەستگۆرکێی چەشتن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا :

هەستی چەشتن ئەو جۆرە هەستەیە کەلە ڕێگای چەشتنەوە هەستی پێدەکەین . وەك شیرینی و تاڵی و ترشی و سوێری و تفتی و تیژی ... هتد کە بە هەمان شێوەی هەستەکانی دیکەی مرۆڤ ، یارمەتیدەریکی بە هیز و کاریگەری شاعیرە، بۆئەوەی بتوانێت لە

ڕێگای تام و چەشتنەوە لە چوارچێوەی هەستگۆرکێوە وینەی شتەکان بۆخوینەر بگوازێتەوە. ئەمەش تواناو لێهاتویی و ئەزموون و سەلیقەی شاعیر لە م بارەیەوە دەسە لمێنێ ، کە چۆن هەستەکانی خۆی بەکاردەهێنی و لە بنیاتی دەقی شیعریدا سودیان لێ وەردەگرێ. لیرە دا شاعیر پشتی بەهەستەکانی چەشتن و بینین بەستووە لە داهێنانی شیعریدا . وەك لە م کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێ کە دەڵێ:

سە د مخابن،

ئەو ئازیزانەی رۆژگارێك،

بژوێنی حەسانەوەم بوون ،

**ئەوانەی شەکرە مێوانی ،**

دڵی هەردەم کراوەم بوون ،

هەنووکانە یان نەماون لە یادمدا ،

یان ماوێکی کاڵ و ماتن .

(عەبدولا پەشێو ، 2006 : 78)

لە م کۆپلە شیعرەدا شەکر هستی چەشتنەو میوان هەستی بینینە . بە هۆی هەستگۆرکێوە جوانترین وێنە ی شیعری لێ دروستکراوە و بەهای دەقە شیعرە کەی بەرزکردۆتەوە.

لە هەنگاویکی دیکەدا دە بینین شاعیر هەستی چەشتنی لە گەل هەستی بیستندا تاقیکردۆتەوەو بە و هۆیەوە چە ندین وینەی هەستگۆرکێ تازەی هێناوەتە کایەوە . وەك لەم کۆپڵە شیعرەدا دەردەکەوێ کە دەڵێ:

دەبێ ،هەر ئەمرۆ ،

بمرێ لە یادم دڵکێشترین چاو،

بمرێ لەیادم ناسکترین دەنگ، **شیرینترین ناو**.

(عەبدوڵا پەشێو ،1968: 107 )

لیرەدا شاعر بەهۆی وشە کانی شیرین و ناو کەدەکەونە بەرهەستەکانی چەشتن و بیستنەوە هەستگۆرکێی هیناوەتەکایەوە، گوزارشتی لە مەبە ستەکانی خۆی کردووە و چێژو جوانی بەشیعرەکانی بەخشیووە .

هەستی چەشتن و بۆنکردنیش ڕۆڵێکی گرینگی لە دروستکردنی هەستگۆرکێدا هەیە، کەم تا زۆر لە ناو دەقە شیعرییەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە. وەك لەم کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێ کەدەڵێ:

بەڵام کچم ئەمجارە **خەم ،**

تامێکی تر،

ڕەنگێکی تر ،

**بۆنیکیتر ،**

باڵایەکی تری هەیە . (عەبدولا پەشێو ، 2006 :391)

لێرەدا شاعیر بە هۆی وشەی( خەم و بۆنکردن )ەوە کە دەکەونە بەرهەستەکانی چەشتن و بۆنکردنەوە ، هەستگۆرکێ ی هێناوەتەکایەوە بەمەبەستی جوانکردن و رازاندنەوەی دەقەکە . وێڕای ئەمانە شاعیر هەوڵی داوە سود لە بەکارهێنانی هەستەکانی چەشتن و بەرکەوتن وەربگریت. بۆیە بە ئاوێتە کردن و گۆرینەوەی ئەرك و شوێنی ئەو هەستانە هەستگۆرکێ ی دروست کردووە . ئەمەش نموونەیە کە لەم بارەیەوە کەدەڵێ :

گەر دەتەوێ

خوێنی دەماری شیعرم بیت ،

داستانێك بیت بێ کۆتایی ،

گەردەتەوێ

خۆشەویستیت بەدوایدا نێت،

**ماچی ساردی ماڵئاوایی :**

بەڵێن بدە ئاسمانم بیت ،

بەڵێن بدە،

هەناسە م بیت ،سێبەرم بیت ، بارانم بیت ،

(عەبدوڵا پەشێو ، 1972 : 204)

لە م دەقە شیعریە جوان و ناسك و پر رۆمانسیە دا ، وشە کانی (ماچی ساردی ماڵئاوایی) کە دەکەونە بەرهەستەکانی چەشتن و بەرکەوتنەوە ، بەهێزترین و کاریگەرترین هەستگۆرکیی شیعری هێناوەتە کایەوە. ئەمەش بۆ زەوق و سەلیقە و تواناو لێهاتویی شاعیر لە م بارەیەوە دەگەرێتەوە .

2 _ ڕەنگدانەوەی هەستگۆرکێ ی بۆنکردن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا :

لە ڕاستیدا هەستی بۆن کردن بە هەمان شێوەی هەستەکانی دیکە. ڕۆڵی بەرچاوی لەهاتنەکایەوەی وێنەی هونەری لە سیاقی هەستگۆرکێدا نیە، هەرچەندە ئە م ڕۆڵە لەشاعیرێکەوە بۆشاعیرێکی دیکەو لە بارودۆخێکەوە بۆبارودۆخیکی دیکەدا دەگۆڕێ. پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەڕادەیەکی زۆر کەم لە داڕشتنی هەستگۆڕکێدا پەنای بۆ هەستی بۆنکردن بردووە ، ئەمەش لە وانەیە بەشێکی پەیوەندیداربێت بەلایەنی دەروونی و زەوق و سەلیقە و تێڕوانینی شاعیرەوە لەم بارەیەوە ، بەڵام بەشەکەی دیکە پەیوەندیدارە بە سروشت وئەرك و شێوە و پێکهاتەی هەستی بۆنکردنەوە. هەربۆیە دەبینین ڕێژەی بەکارهێنانی هەستی بۆنکردن لە سیاقی هەستگۆرکێدا لە کۆی شیعرەکانی پەشێودا تە نها چوار جارە. کە بێگومان ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرکەمە ، بە پێچەوانەی هەستەکانی دیکە، بە ڕیژەیەکی زۆربەکارهاتووە و لەئاستێکی زۆر بەرز و فراواندایە. ئەمەش نموونەیەکە لەهەستی بۆنکردن و بیستن لەسیاقی هەستگۆڕکێدا ، لەشیعرەکانی شاعیردا کەدەڵێ:

گوێتان لێمە ،

من کرەنای جەنگ لێدەدەم ،

جەنگێکی وا کە **بۆنی ئاهەنگی** لێ بێت .

(عە بدوڵا پەشێو ،2006 : 455 پشت لە نەواو ڕووڵە کرێوە )

لیرەدا شاعیر لە وشەکانی (بۆن و ئاهەنگ ) کەدەکەونە بەر هەستەکانی بۆنکردن و بیستنەوە ، هەستگۆرکێیەکی زۆر جوان و سەرنج ڕاکیشی دروستکردوە بەمەبەستی ڕازانەوەی دەقە شیعریەکەو پێکان و گەیاندنی پەیامە شیعریەکانی .

**تەوەرەی سێیەم : ڕەنگدانەوەی هەستگۆڕکێ ی بەرکەوتن لە شیعرەکانی عەبدوڵا پە شێودا.**

هەستی بەرکەوتن لە و جۆرە هەستەیە کە لە ئەنجامی بەرکەوتنەوە و دروست دەبێت و دێتەکایەوە و ڕۆڵێکی مەزن و کاریگەری لە دەقی ئەدەبی و شیعریدا هەیە . چونکە مرۆڤ بەگشتی و شاعیران و نوسەران و هونەرمەندانیش بە تایبەتی بەهۆی هەستی بەرکەوتنەوە لەپاڵ هەستەکانی دیکەدا ، دەتوانێ سودو چێژو خۆشی باشتر و زیاتر و وەربگرێ و لە سەر ناخ و دڵ و دەروون و بە رهەمەکانیدا ڕەنگ بداتەوە . بە شێوەیەك ببێتە سەرچاوەیەکی بەهیزوکاریگەر لە گۆڕانکاری و داهێنانی کاری ئەدەبی و هونەری دا. جگە لەمانەش خاوەنی سروشتێکی هارمۆنی یە و بە ئاسانی ئاویتە هەستەکانی دیکە دەبێت وبرۆسە ی هەستگۆڕکێ دێنیتەکایەوە. هەر بۆیە بەڕادەیەکی زۆر لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا بەکار هاتووە و بەشێوەی هەستگۆڕکێ لە داڕشتنی دەقی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە ئەو هەستە لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا بە شێوەی هەستگۆڕکێ لە کۆی شیعرەکانی شاعیردا هەژدە جار بەکار هاتووە ، کەبەشی زۆری لەگەڵ هەستی بیستن بووە. شاعیر هەستی بەرکەوتن و بینینی تەنها یەك جار بەکارهێناوە ، کە لە م کۆپلە شیعرەدا دەردەکەوێ، دەڵێ :

چییە دیسان،

**چنگی نیگای** پەردە درم ،

مەمکبەندی شە قامەکان دادەماڵێ ،

(عەبدولا پەشێو ، 2006 : 87) هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر شوین و ئەرکی وشەکانی (چەنگ و نێگا ) کە دەکەونە بەرهەستەکانی (بەرکەوتن و بینین) ەوە گۆڕیوەو ئاویتەکردوەو ، بە م هۆیەوە جوانترین و بەهیزترین وێنەی هەستگۆرکێی داڕشتووە. هەروەها شاعیر هەستی بەرکەوتنی لە پاڵ بیستنیشدا بەکارهێناوە، بەمەبەستی هەستگۆڕکێی شیعری وەك لە م نموونەی خوارەوەدا دەردەکەوێ کەدەڵێ :

لە مەهاباد **نەرمە شیعر** دەخوێنمەوە،

قامیشلی بۆم لە قرمژنی چەپڵە دەدا ،

(عەبدولا پەشێو ، 2006 : 246 هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا )

لێرە دا شاعیر بە هۆی وشەکانی (نرم و شیعر) کەدەکەونە بەرهەستەکانی بەرکەوتن و بیستنەوە ،لە چوارچیوەی ئەندیشەیەکی فراوان و ئیستاتیکیەتێکی بەرزدا، یاری بە هەستەکان کردووەو ئەرك و شوێنیاتی گۆڕیوەو هەستگۆڕکێ یەکی نایابی هێناوەتەکایەوە . شایانی باسە شاعیر لەدارشتنی هەستگۆڕکێدا ، هەستی بەرکەوتنی لە گەڵ هەستی چەشتنیشدا بە کار هیناوە. بەڵام لەگەڵ هەستی بۆنکردندا هیچ جارێ بەکار نەهێناوە . ئە مەش لەوانەیە بە شێکی پەیوندی بەشێوازی بنیاتنانی شیعرەکەو سروشتی هەستەکەوە بیت .

**ئاماری ژمارەی جارەکانی بەکارهێنانی هەستەکان (هەستگۆرکێ) لە کۆی شیعرەکانی شاعیردا :-**

**1_ هەستی بینین لە گە ل هەستەکانی دیکەدا**

بینین و بیستن : 8 جار    بینین و چەشتن : 1جار

بینین و بۆنکردن : 2جار    بینین و بەرکەوتن : 4جار

**کۆی ژ. ج . هەستی بینین لەگەل هەستەکانی دیکەدا : 15 ، ژ. ج . هەستەکانی دیکە لەگەل هەستی بینین : 11 کۆی گشتی : 26**

**2_ هەستی بیستن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا**

بیستن و بینین : 5جار    بیستن و چەشتن : جار6

بیستن و بۆنکردن : نیە    بیستن و بەرکەوتن : 7جار

**کۆی ژ. ج . هەستی بیستن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا : 18 ، ژ .ج .هەستە کانی دیکە لەگەڵ هەستی بیستن : 14 کۆی گشتی: 32**

**3_ هەستی چەشتن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا**

چەشتن و بینین : 5جار    چەشتن وبیستن : 2جار

چەشتن و بۆنکردن : 1جار    چەشتن و بە رکەوتن : 2جار

**کۆی ژ. ج. هەستی چەشتن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا : 10 ، ژ. ج . هەستەکانی دیکە لەگەل هەستی چەشتن : 8 کۆی گشتی : 18**

**4_هەستی بۆنکردن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا**

بۆنکردن و بینین : نییە    بۆنکردن و بیستن : 1جار

بۆنکردن و چەشتن : نییە    بۆنکردن و بە رکەوتن : نییە

**کۆی ژ. ج. هەستی بۆنکردن لە گەڵ هەستەکانی دیکەدا : 1 ، ژ. ج . هەستەکانی دیکە لەگەل هەستی چەشتن : نیە کۆی گشتی : تەنها یەك جار**

**5_هەستی بە رکەوتن لە گە ڵ هەستەکانی دیکەدا**

بەرکەوتن و بینین : 1جار    بەرکەوتن و بیستن : 3جار

بەرکەوتن و چەشتن : 1جار    بەرکەوتن بۆنکردن : نییە

**کۆی ژ. ج . هەستی بەرکەوتن لەگەڵ هەستەکانی دیکەدا : 5 ، ژ. ج . هەستەکانی دیکە لە گەل هەستی بەرکەوتن :13 کۆی گشتی : 18**

سە رجە می گشتی ژمارەی جارەکانی بەکارهێنانی گشت هەستەکان (هەستگۆرکێ) بە هە موو جۆرەکانییە وە لە کۆی شیعرەکانی شاعیردا : 98 جارە

**ئەنجام :**

1 - هەستگۆڕکێ لە شیعری شاعیراندا بەگشتی و لە شیعرەکانی عەبدوڵاپەشێودا بەتایبەتی ڕووبەرێکی فراوانی هەیەو کاریگەرییەکی زۆرقوڵ و بە هێزیشی لە خۆ گرتووە. ئەمەش بۆ گرینگی و زیندوویەتی هونەرەکانی هەستگۆڕکێ لە لایەك و ئەزموون و لێهاتویی وچێژو سەلیقەو بەرزی و توانای شاعیر لەجوان بیرکردنەوە و جوانبینیدا لەلایەکی دیکەدا دەگەڕێتەوە.

2-شاعیر بە شێوەیەکی هێندە شارەزاو هونەریانە ئەرك و شوێنی هەستەکانی گۆڕیوەو ئاوێتەی یەکتری کردوون و بنەماکانی هەستگۆڕکێی لە شیعرەکانیدا دار شتووە, توانیویەتی زۆربە ئاسانی پەیامەکەی بگەێنێت و هەست و نەستی خوێنەر بورووژێنی و دڵ و دەروونی بخاتە جۆش و خرۆشەوە. جگە لەمەش سودو بەهرەی لە هەستە جۆراوجۆرەکان وەرگرتووەوکردوویەتی بە سەرچاوەو بنەمایەکی بە هێزیش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهێنان و گۆرانکاری لەدەقەشیعرییەکانیدا.

3- وێنەی هەستی لای شاعیر وێنەیەکی ئاسایی و لاساکردنەوە نیە, بە ڵکو وێنەیەکی هونەری و چێژدارە. ئەوە جگە لەوەی یاریکردن بەهەستەکان لەسیاقی هەستگۆڕکێ دا ئەو خەسڵەت و کەرستانەن کە لە وێنە شیعرییەکانی شاعیردا هەن و ئیستاتیکیت و نەمری پێ بە خشیوەو پێی دەناسرێتەوە. لە ڕاستیدابەهۆی شیاویی و گونجاوی وسروشتی هەستەکانی بینین وبیستن و چەشتنەوە و ئەو هارمۆنیە زۆرانەی هەیانە، لە سیاقی هەستگۆڕکێدا ،ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزیان لە شیعری شاعیراندا بەگشتی و لە شیعرەکانی عە بدوڵا پەشێو دا، بەتایبەتی هەیەو بە ڕادەیە کی زۆر بە کارهاتوون .

5- پەشێو یەکێکە لەو شاعیرانەی لە دارِشتنی هەستگۆڕکێدا ، بە ڕادەیە کی زۆر کەم پەنای بۆ هەستی بۆنکردن بردووە ، ئەمەش لە وانەیە بەشێکی پەیوەندیداربێت بەلایەنی دەروونی و زەوق و سە لیقە و تێروانینی شاعیرەوە لەم بارەیەوە ، بەڵام بەشەکەی دیکە پەیوەندیدارە بە سروشت وئەرك و شێوە و پێکهاتەی هەستی بۆنکردنەوە. وێڕای ئەمانە شاعیر لەدارشتنی هەستگۆڕکێدا هەستی بەرکەوتنی زیاتر لە گەڵ هەستی بیستندا بەکارهێناوە. بەڵام لە گە ل هەستەکانی دیکەدا زۆر بە کەمی یان هەر بەکاری نەهێناوە .

**لیستی سەرچاوەکان :**

**لیستی سەرچاوەکان بەزمانی کوردی :**


(1) ئاشنا جلال رەفیق، 2011 , لاواندنەوە لە شیعری کوردی کرمانجی خوارووداا ,نامە ی ماستەر, کۆلیژی زمان ، زانکۆی سلیمانی

(2) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی هونەری لە شیعری کوردیدا١٩٧٠-٢٠٠٢، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣

(3) سەعد فاروق یوسف شێخبزێنی، 2011 , بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جافدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر،

(4) د. شوکری عەزیز ئەلمازی، و. د. سەردار ئەحمەد گەردی،2010 , تیۆری ئەدەبی، چاپ، ماردین، هەولێر،

(5) عبداللە پەشێو, 2009 , گۆڤاری گەلاوێژی نوێ, باس کردنی رەمز, ژ(9)

(6)________، 2006 ، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ، هەولیر

(7)________ ، 1967،فرمێسك و زام ،چ1 ، کەرکوك

(8)________، 1965، بتی شکاو ،چ1 ، کەرکوك

(9) _______، 1972 ، شەونامەی شاعیریکی تینوو ، چ1 ، بە غدا

(10) _______، 2006 ، پشت لە نەواو ڕووله کرێوە : هە ولێر

(11)د. کەمال مەعروف، 2007 ، ڕەخنەی نوێی کوردی، و.ڕۆشنبیری، ب.چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی،

(12) کەریم شارەزا، 2011 ، وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا چۆن دروست دەبێ و بە چ هەستێك وەردەگیرێ هەولیر

(13)هیتلەر ئەحمەد حەمە، 2001 ، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین،

لیستی سەرچاوەکان بە زمانی عەربی :

(14)د. احمد فتحی رمضان ، 2007، بلاغة تراسل الحواس في القران الكريم ،مجلة جامعة , عدد 1، جامعةتكريت.

(15)خورشا، صادق ،1381 ،فی شعر العربیالحدیث ومدارسە ،ط 1 , نشر مرکز ، تهران , ص129

(16)خيرية عجرش ,قيس خزاعل , 1389 , الرمزية الايحائية في شعر بدر شاكر السياب, التراث الادبي ,السنة الثانية,عدد6. تهران .

(17) د.درويش جندى،2002 ،الرمزية في الادب العربي, دارالنهضة للطبع والنشر, الفجالة , القاهرة.

( 18) زينت عرفت پور،امينه سليمانى ، 2014 , ضاهرة تراسل الحواس فيشعر ابي القاسم الشابي وسهراب سبهري :مجلة اضاءات النقدية ,سنة الرابعة. عدد15 , تهران

(19)عدنان قاسم حسين ، 2000 ،التصوير الشعري. الدار العرب.

(20)فرج عبو ، 1982 ، علم عناصر اللون, فرج عبو دار دلفن للنشر،ميلانو أيطاليا, ، ط 2 , إيطاليا، ميلانو،

(21)فارس زهر ، 2005 ، الصورة الفنية في شعر عثمان لوصيف, رسالة ماجستير ,جامعة قسنطينية , الجزائر

(22) كاضم عبدالله عبد النبي , 2007، تراسل الحواس في شعر شيخ احمد الوائلي , مجلة مركز الدراسات الكوفة ,عدد 6 .

**ليستى سەرچاوەكان بە زمانى فارسى:**

(23)پرستو كريمى ،1387، حواس پنجگانه و حساميزى در شيعر ،پژوهشى گوهرگويا ،سال دوم ،شماره 8 ،138

(24) شفيعى كدكنى ،محمد رضا ,1358 ، صور خيال درشعر فارسى , اگاه ، تهران.

(25) محمدحسن چگنيزاده، 1390، شعرنو ، حس اميزى در شعر ،تهران ،

**ليستى سە رچاوەكان بە زمانى ئينگليزى:**

(26) O'Malley, G., 1957. Literary synesthesia. *The journal of aesthetics and art criticism*, *15*(4), pp.391-411.

(27) Marks, L.E., 1984. Synesthesia and the arts. *Advances in Psychology*, *19*, pp.427-447.

**ملخص**

بحثنا والذى عنوانه (تراسل الحواس فى شعر عبدالله بشيو) محاوله لتسليط الضوء على موضوع مهم ومؤثر جدا لمعرفه مفهوم وتعريف مكانەتراسل الحواس. و يتم خلال هذه الدراسه عرض قيمةواهمية ودور تراسل الحواس فى الاشعار الشاعر وغرض اختيار هذا الموضوع يرجع الي الفراغ الموجود فى هذه المجال، هذا من جانب ، واظهار الجوانب المخفيه واهمية مكانة تراسل الحواس عند هذا الشاعر الكبير من جانب اخر ، لذلك يركز هذا البحث على نقطتين, وهما :أ – جمالية وحيوية تراسل الحواس وتاثيره فى مجال الشعر . ب-مقدره وكفاوة وخبرة وسليقه الشاعر فى هذا الجانب .لانجاز هژا البحث اعتمدنا على المذاهب النقدية والوصفية والتحليلية لغرض تجسيد الاهداف الادبيه التى تكون اسبا بأ رئيسيه لخدمه الموضوع . اهميه الموضوع هي انه يتناول قضيه حساسه وذات شان والتى لم يكتب عنها بالشكل المطلوب والاكاديمى فى الشعر الكوردى . لذالك هدفنا فى البحث هو اضهار دور واهميه وتاثير تراسل الحواس فى الشعر عامه وفى شعر عبدالله بشيو خاصه .

والبحث متكون من فصلين ومقدمة . الفصل الاول نظرى ومتكون من المحورين: الاول عن تعريف مصطلح والمفهوم تراسل الحواس . المحور الثانى خصص للتاريخ واسباب الاستعمال تراسل الحواس فى الشعر . وفى سبيل اثبات ذالك استندنا على أراء و بعض الاعلام من الكتاب والنقاد . لكن الفصل الثانى متكون من ثلاثه محاور، فى الاول تحدثناعن تراسل الحواس (البصرى والسمعى )، فى شعر الشاعر . وفى محور الثاني عرضنا قيمة وتاثير تراسلال الحواس (الذوقى والشمي)عندالشاعر . اما فى المحور الثلث تناولنا الجوانب تراسل الحواس (اللمسي)، للنص الشعرى ومستوى عمقها وتاثيرها فى استاتيكية الشعرية وابداع الشاعر باسلوب تحليلى ووصفى. وفي النهايه عرضنا نتائج البحث وقائمه المصادر وخلاصه البحث باللغتين العربيه والانجليزيه.

**Abstract**

This study is titled Synesthesia in Abdullah Pashew's poem which is an attempt to consider Synesthesia which is a very significant topic and to a great extent is contemporary to the Kurdish literature. This study tries to introduce the concept and the definition of synesthesia, presents its value and significances, and indicates its roles and influences in poems. There are many factors behind selecting this topic, but the most encouraging points are the importance of the topic, the higher competence that the poet is recognized by in the use of senses in his own poems, and the lack of Kurdish library to such a topic. This study has adopted both Descriptive and Analytical approaches.

This study consists of an introduction and two main chapters. The first chapter is devoted to the theoretical part which consists of two sections in which the first section defines the concept of Synesthesia and its importance in literature, and the second section considers the history of synesthesia and the factors that led to its appearance. Chapter two is concerned with the types of synesthesia. It consists of three sections in which the first section covers the senses of sight and hearing in the Pashews' poems, the second section tracks the senses of tasting and smelling in his poems, and the third section comprehensively regards the beauty of the senses of touch in the poems of this great poet. Finally this study ends with the most significant concluding points and the list of used references.